**چیرۆك**

# شـــەوێـکـی ئاشـــقـانـە






**هاینریخ بۆل**

**لەئەڵەمانیەوە/ ئیسماعیل حەمەئەمین**

**هەردووكیان بەڕووتی لەسەر جێگاكە پاڵكەوتبوون، ئەو سەری خستبووە سەر سنگی و ئەمیش لە خەتی نێوەڕاستی قژە پڕەكەی ئەوی دەڕوانی ، ئەوە ڕاستە شەقامێك بوو لەنێو ڕەشایدا كەزیاتر هەناسەی گەرم و لێخشاندنی مەمكەكانی بێسنووریەكی سەیریان پێبەخشی بوو.**

**پشتوێنێكی پان لەسەر فەرشەكە فڕێدرابوو، لەسەری نوسرابوو (( خودا لەگەڵ ئێمەیە)) ، لەتەنیشت پشتێنەكەوە بەدلەیەكی كاركردن بەفەرامۆشیەوە داكەنرابوو .. لەشوێنێكی ئەو ژوورەدا كاتژمێرێك چركە چركی بوو..**

**پەنجەرەكە بەسەر دەرەوەدا والاكرابوو، لەدەرەوە دەنگی بەریەكەوتنی ناسكی پێك هەڵدان و پێكەنینی پیاو و تریقانەوەی ئافرەتەكان دەهات، شەوێكی شینی تەنك و قەشەنگی هاوین بوو.**

**ئەم گوێیی لەدەنگی ترپەی دڵی ئەو بوو لەسەر سنگی لێدەدا، دیسانەوە سەیری شەقامە باریكەكەی تەپڵە سەری ئەوی كرد ، كەپرچەكانی كردبوو بەدوو دنیای جیاواز و یەكسان.**

**شەو بوو ،بەڵام ڕۆشنایی شەوی هاوین بەهەموو شتێكەوە دیاربوو، ئەو هەستی دەكرد زۆر لەڕۆشنایی ئەم شەوە هاوینەوە نێزێكە، نێزكبوونێك كەنەدەبایە ئاوەها نێزك بووایە، بەڵام لەهەمان كاتیشدا ئەو ڕۆشناییە، ئەو ئازیزە، دووركەوتنەوەیەكی دیكەی بێسنووری بوو . قسەیان لەگەڵ یەكدیدا نەدەكرد. بەڵام ئەو گوێی لەچركەچركی كاتژمێرەكەبوو بەرەو پێشەوە چركەچركی بوو ، لەهەمان كاتیشدا گوێیی لەترپەی دڵی ئازیز گرتبوو كەلەسەر سنگی لێیدەدا، نەیدەزانی ئەو ترپەی دڵە هی خۆیەتی یان هی ئەو . ئەمانە هەموو مانای پشوودانێكی پڕ بەختەوەری بوو، بەمانای پشوودانێك تاوەكو ساتی وەئاگا بوونەوە، بەمانای جارێكی دیكە خەوتن لەگەڵ ئافرەتێكی دیكە، بەڵام بەڕاستی و پڕی خەوتن لەگەڵیدا .**

ئەو شوشە شەرابەی لەسەر كۆمێدیەكە بوو ، شوشەیەك شەرابی خراپ بوو كەبەدڵی خۆی نەبوو ، بەڵام ئەو شوشە شەرابەلەتاریكایەكەدا هێڵە ڕۆشنایەكی باریك بوو، تەنها هێڵە ڕۆشنایەكی باریك لەنێو تاریكایەكەدا. سەری شوشە شەرابەكەش بە فەرامۆشیەوە فڕێدرابووە تەنیشت بەدلە و پشتێنەكەوە.
ئەو سەری خستبووە سەر سنگی و ئەمیش باوەشی كردبوو بە جەستەی ڕووتیداو لەگەڵیشیدا جگەرەی دەكێشا. بێدەنگی لەنێوانیاندا خۆی ڕاكێشابوو، ئەم بەیەگەیشتنیان لەنێو كەڕی و بێدەنگیدا خۆی شێوەباز كردبوو، ئەو هەمیشە بیری لەوە دەكردەوە كەدەبێت پیاو جارێك لەگەڵ یەكێك لەو ئافرەتانەدا قسەبكات ،كەلەگەڵیدا دەخەوێت، بەڵام ئەمیش قسەی نەدەكرد.
وورده وورده دەنگی پێكەنینی دەرەوە بەرو كوژانەوە دەچوو، تریقانەوەی ئافرەتەكان دەگۆڕا بۆ باوێشك، دوای ماوەیەك گوێیی لەدەنگی كۆكردنەوەی پەرداخەكان بوو ، گوێیی لەلێكدانی پەرداخەكان بوو ، وادەهاتە بەرگوێیی كە خزمەتچی گازینۆكە كۆیان دەكاتەوە، پاشان گوێیی لە سەرەونگومكردنەوەی كورسیەكان بوو لەسەر مێزەكان، پاشان گوێیی لە ڕێكخستەوە و پاڵپێوەنانی مێزەكان بوو، گوێیی لەدەنگی گسك لێدانی ئافرەتێك بوو ، دیاربوو بەهێمنی و ناسكیەوە گسكی دەدا ، گوێیی لە خشەخشی گسكەكە بوو، پاشان گوێیی بۆ دەنگێكی گڕی خەواڵوو گرت كەبەئافرەتەكەی دەگوت " چی بوو تەواو نەبووی؟"، ئافرەتەكەش بە هێمنیەوە وەڵامی دایەوە وگووتی " زۆرم نەماوە تەواو بم ..".
دوای ئەمانە هەموو شتێك لەخامۆشیەكی هێمندا نقووم بوو، ئاسمان شینێكی تۆخ بوو، بێدەنگ و زۆر دوور، لەو دیوو پەردەكانەوە دەنگی مۆسیقایەكی هێمنی باڕێكی شەوانە دەهاتە بەرگوێ .. ئەمانیش لەتەنیشت یەكەوە پاڵكەوتبوون، شوشە شەرابەكەش وورده وورده لەنێو تاریكایەكەدا شێوەی خۆی وەردەگرت، زیاتر هێڵە ڕۆشنایەكەی بەهێز تر دەبوو تاوەكو ڕۆشناییەكی پلاستیكی سەوزی تۆخ و بەتاڵی بەنێودا تێپەڕ بوو، هێڵێكی ڕۆشنایی سەوزی تۆخ ، لەگەڵیشیدا قۆپچەی كراوەی بەدلەی كاركردن و ئەو پشتێنەش شێوەیان ڕۆشن دەبۆوە كەلەسەری نوسرابوو (( خودا لەگەڵ ئێمەیە))..

تـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەواو

سەرچاوە:

Heirich Boell. Die Verwundung und andere Erzaelhungen. Lmuv Verlag. 1983 Bornheim.

فۆتۆگراف : ١- فۆتۆی بوول لە خۆپیشاندانێكی دژ بە چەكی ئەتۆم و كۆمەڵ كوژ ، لە ١٠ ئۆكتۆبەری ١٩٨١ز

٢- ئیمزای هاینریخ بۆل